# پیاوان وئافرەتان چۆن هاوسەری ژیانیان هەڵدەبژێرن

[ kurdish – کوردی – كردي ]


**شێخ محمد جمیل زینو**

**وەرگێڕانی: ئومێد عمر چرۆستانی**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**



2014 - 1436

IslamHouse.com

# كيف تختار المرأة زوجها ؟ وكيف يختارها؟

« باللغة الكردية »


محمد بن جميل زينو

ترجمة: أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2014 - 1436

IslamHouse.com

# پیاوان وئافرەتان چۆن هاوسەری ژیانیان هەڵدەبژێرن

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

١- خوشکی بەرێزم بۆ هەڵبژاردنی پیاوێك كە ببێت بە هاوسەری ژیانت، گرنگی مەدە بە ماڵو سەروەت وسامان وپلەوپایە وجوانی لەش ولاری، ئەوەی گرنگ بێت بەلاتەوە پیاوێك هەڵبژێرە كە خاوەن دین ورەوشتی جوان بێت، وەك پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : «إذا أتاكم من ترضون خُلُقه ودينه فزوجوه، إلا تفعلوا تكن فتنة في الأرض وفساد عريض» [ حديث حسن رواه الترمذي وغيره ] .

واتا : هەركاتێك كەسێك هاتە خوازبێنی بۆلاتان و لەدین و

ڕەوشتی ڕازی بوون، ئەوا ئافرەتەکەی لێ مارە ببڕن، وە ئەگەر ئەوە نەکەن، ئەوا فیتنە و خراپەکاری بەربڵاو لە زەویدا بڵاو دەبێتەوە .

٢- ئەگەر هاتوو پیاوێکی خاوەن دین خۆشی وویستیت، ئەوا بێگومان یارمەتیدەرت دەبێت لە کاروباری دینەکەت و دونیاشت .

٣- خۆ ئەگەر خۆشی نەویستیت بەلانی کەمەوە ڕقی لێت نابێتەوە، وستەمت لێ ناکات، وبەکەمت تەماشا ناکات، چونکە پیاوی باوەڕدار ئاگاداری فەرموودەکانی پێغەمبەری خوایە (صلی اللە علیە وسلم ) کە دەفەرموێت : « لا يفرك مؤمن مؤمنة، إن كره منها خلقًا، رضي منها غيره» [ رواه مسلم ].

واتا : مرۆڤی باوەڕدار ڕقی لەئافرەتی باوەڕدار نابێتەوە، ئەگەر هاتوو لە ڕەوشتێکی ناڕازی بوو، ئەوا لەڕەوشتێکی تری ڕازییە .

٤- پیاوێ باوەڕدار یارمەتیدەرت دەبێت لە پەروەردەکردنی منداڵەکانتدا بە پەروەردەیەکی ئیسلامیانەی ڕاست ودروست.

٥- ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەبێت بە سەرچاوەی سەرکی ژیانتان، کە هەردوولاتان بە حوکمەکانی ڕازیین بۆ ژیانتان، دیارە ئەگەر بەم شێوەیەش بوو، ئەوا بەختەوەری دونیا ودوارۆژتان بۆ دەستەبەر دەکات .

٦- پیاوی باوەڕدار ئەگەر هەڵەیەکی لێ بینیت ئەوا زۆر بە ژیرانە ئامۆژگاریت دەکات وڕێگای ڕاستت بۆ دەست نیشان دەکات، بۆیە جەنابیشت ئامۆژگاریەکانی بە سنگێکی فراوانەوە وەربگرە.

٧- لە بەرامبەریشدا دەبێت پیاوی باوەڕدار بۆ دەست نیشانکردنی هاوسەری ژیانی ئافرەتێکی خواناسی باوەڕدار هەڵبژێرێت، ئافرەتێکی داپۆشراو کەماڵ و خێزانەکەی بپارێزێت لە خراپەکاری، و مافەکانی پیاوەکەی ڕەچاو بکات، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : « تـنكح المـرأة لأربـع: لمالهـا،

ولحسبها، ولجمالها، ولدينهـا، فـاظفر بـذات الديـن تربـتْ يـداك » [ متفـق عليـه] .

واتـا : ئـافرەت لـەبـەر چـوار شت مـارە دەبڕرێت : لـەبـەر سـەروەت وسامـانـى، و لـەبـەر پلـەوپايـە وجوانـى وئـايـنـەكـەى، جا ئـەى پياوى باوەڕدار تۆ ئـافرەتێكى باوەڕدار هـەڵبـژێرە بـۆ هـاوسـەرى ژيـانـت، تـاوەكو دەستت بچێت بـە خێر وخـۆشى دونيا ودوارِۆژدا .

ژيـانـى پێشـەواى مرۆڤـايـەتيش محمد المصطفى ( صلـى اللـه عليـه وسلـم ) سـەلـمـانـدوويـەتـى كـە گرنگ كـاروكـردەوە و نـاوەڕۆكـە نـەك بـە شكڵ و ڕووخسـار، هـەروەك فـەرموويـەتـى : « إن الله لا ينظر إلى صوركم وأجسامكم، ولكن ينظر إلى قلوبكم وأعمالكم» [ رواه مسلم ] .

واتـا : بێگومـان خـواى گـەورە تـەمـاشـاى شێوە و ڕوخسـار ولاشـەتـان نـاكـات، بـەڵكو تـەمـاشـاى دڵ ودەروون و كـاروكـردەوتـان دەكـات ..

خـواى گـەورە هـەموو لايـەكمـان موەفق بكـات بۆ دەستگرتن بـە ئـايـنـە پيرۆزەكـەيـەوە .

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

سەرچاوە : پەرتووکی ( تكريم الإسلام للمرأة )

نووسینی : شێخ محمد جميل زينۆ